# اثر استراتيجية النمذجة في اكساب المفاهيم النحوية في مادة اللغة والادب الكردي عند طلاب الصف الثامن الأساسي وتنمية تفكيرهم التقاربي

ئارام رؤف جلال

knsa6596@gmail.co

أ.م. سرود ولي إسماعيل الجاف

جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الإنسانية

الملخص

يهدف البحث الحالي الى معرفة (أثر الاستراتيجية النمذجة في اكساب مفاهيم النحوية في مادة اللغة والادب الكردي عند طلاب الصف الثامن الأساسي تنمية التفكيرهم التقاربي ). ومن أجل التحقق من ذلك صاغ الباحث الفرضيات الصفرية الأتية: أولا: ليس هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى ( ٠،٠٥) بين متوسط درجات طلاب المجموعة التجريبية الذين درسوا مادة القواعد على وفق الاستراتيجية النمذجة . ومتوسط درجات طلاب المجموعة الضابطة الذين درسوا المادة نفسها بالطريقة الأعتيادية في أختبار في اكساب مفاهيم النحوية. ثانيا: ليس هناك فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى ( ٠،٠٥) بين متوسط درجات طلاب المجموعة التجريبية الذين درسوا مادة القواعد على وفق الاستراتيجية النمذجة . ومتوسط درجات طلاب المجموعة الضابطة الذين درسوا المادة نفسها بالطريقة الأعتيادية في أختبارالتفكير التقاربى.

وللتحقق من ذلك اختار الباحث المنهج التجريبي ذا الضبط الجزئي لمجموعتين أحدهما تجريبية، والأخرى ضابطة، واختار عينة قصدية من طلاب الصف الثامن الأساسي من متوسطة (سيروان)ى للبنين للعام الدراسي (٢٠٢٤ –٢٠٢٥)، واختار شعبة (ج) لتمثل المجموعة التجريبية البالغ عدد طلابها (٢٥) طلبة، وشعبة (ا) لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عدد طلابها (٢٣) طلبة. وأجر الباحث تكافؤاً بين طلاب مجموعتي البحث في المتغيرات الآتية: (الذكاء، والتحصيل الدراسي للآباء والتحصيل الدراسي للأمهات،والعمر الزمني محسوباً بالأشهر، ودرجات مادة اللغة والادب الكردية للعام السابق، اختبار قدرة اللغوية، وأختبار التفكير التقاربي القبلي ).

و حدد المادة التعليمية المراد تدريسها خلال التجربة التي تضمن سبعة الموضوع للكورس الأول من الكتاب اللغة والادب المقرر تدريسها لطلاب صف الثامن الأساسي، ثم صاغ الباحث الأهداف السلوكية اعتماداً على المستويات الخمسة الأولى: (المعرفة، والفهم، والتطبيق،

والتحليل، والتركيب) من المجال المعرفي لتصنيف(Bloom) ، وقد بلغ عددها (٨٥) هدفاً سلوكياً، كما أعدد الباحث خطط تدريسية إذ بلغ عدد الخطط (٧) خطة للمجموعة التجريبية و (٧) خطة للمجموعة الضابطة عرض منها خطتين أنموذجيتين على مجموعة من الخبراء والمحكمين لمعرفة صدقهما، وملاءهما

**الكلمات المفتاحيه: استراتيجية النمذجة، المفاهيم النحوية.**

# The Effect of the Modeling Strategy on Acquiring Grammatical Concepts in Kurdish Language and Literature for Eighth Grade Students and Developing Their Convergent Thinking

**Aram Raouf Jalal**

**Asst. Prof. Srooud Wali Ismail Jaf**

**College of Education Ibn Rushdfor Humanitarian Sciences**

**Kurdish Language Department**

## Abstract

The current research aims to investigate the effect of the modeling strategy on acquiring grammatical concepts in Kurdish Language and Literature for eighth grade students and developing their convergent thinking. To verify this، the researcher formulated the following null hypotheses:

There is no statistically significant difference at the level between the average scores of students in the experimental group who studied grammar using the modeling strategy. The average scores of the control group students who studied the same subject using the traditional method on a grammatical concepts acquisition test.

There is no statistically significant difference at the (0.05) level between the average scores of the experimental group students who studied the grammar subject using the modeling strategy and the average scores of the control group students who studied the same subject using the traditional method on the convergent thinking test.

To verify this، the researcher chose the experimental method with partial control for two groups، one experimental and the other control. He

selected a purposive sample of eighth-grade students from Sirwan Intermediate School for Boys for the academic year (2024-2025). He chose Class (C) to represent the experimental group، which had (25) students، and Class (A) to represent the control group، which had (23) students. The researcher matched the students in the two research groups in the following variables: (intelligence، fathers' academic achievement، mothers' academic achievement، chronological age in months، Kurdish language and literature grades for the previous year، linguistic ability test، and prior convergent thinking test). The educational material to be taught during the experiment was determined، which included seven topics for the first course from the language and literature book scheduled to be taught to eighth grade students. Then the researcher formulated the behavioral objectives based on the first five levels: (knowledge، understanding، application، analysis، and synthesis from the cognitive domain of Bloom's taxonomy)، and their number reached (85) behavioral objectives. The researcher also prepared teaching plans، as the number of plans reached (7) plans for the experimental group and (7) plans for the control group. Two model plans were presented to a group of experts and arbitrators to determine their validity and suitability. The researcher applied her experiment in the first course on Sunday، corresponding to (10/27/2024)، as the researcher personally taught both research groups، and the experiment concluded on Thursday، January 9، 2025.

**Keywords: the Modeling، Grammatical Concepts.**

## پوختەی توێژینەوەکە

## کاریگەریی ستراتیژییەتی مۆدێلی نموونەیی لە دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان لە بابەتی ڕێزمانی کوردی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیککراوەیی لەلای خوێندکارانی پۆلی دووەمی ناوەندیدا

**ئارام ڕەئوف جەلال**

**پ.ی سروود وەلی ئیسماعیل جاف**

زانكۆی بەغداد/ كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان

الملخص

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە ( كاریگەریی ستراتیژییەتی مۆدێلی نموونەیی لە دەستهاتی چەمكە ڕێزمانییەكان لە بابەتی زمان و ئەدەبی كوردی و پەرەپێدانی بیركردنەوەی نزیكراوەیی لەلای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەرتیدا)، توێژەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە دوو گریمانەی (سفر)ی داڕشتووە:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، لە ئاستی (٠٫٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەكانی قوتابییانی كۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی وانەی بابەتی ڕێزمانی كوردی بەبەكارهێنانی ( ستراتیژییەتی نموونەیی ) دەخوێنن، و ناوەوندی نمرەكانی دەستهاتی قوتابییانی كۆمەڵەی كونترۆڵكراو، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی كوردی بەڕێگای ئاسایی خوێندووە لە تاقیكردنەوەی دەستهاتی چەمكە ڕێزمانییەكاندا.

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، لە ئاستی (٠٫٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەكانی قوتابییانی كۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی كوردی بەبەكارهێنانی (ستراتیژیەتی مۆدێلی نموونویی) خوێندووە، وناوەوندی نمرەكانی قوتابییانی كۆمەڵەی كونترۆڵكراو، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی كوردی بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە پێوەری پەرەپێدانی بیركردنەوەی نزیكردنەوەییان.

بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەمە توێژەر میتۆدی ئەزموونی بەشە كۆنترۆڵكراوی بۆ دوو گروپ هەڵبژارد، كە یەكێكیان ئەزموونی و ئەوی تریانیان كۆنترۆڵكراوبوو، هەروەها بەمەبەست قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی سیروانی كوڕان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤–٢٠٢٥) هەڵبژارد، و بە شێوەی هەڵبژاردن گرووپی (ج)ی هەڵبژارد بۆ نوێنەرایەتیكردنی كۆمەڵەی ئەزموونی كە بریتی بوو (٢٥)قوتابیی، هەروەها گرووپی (ا) بۆ نوێنەرایەتیكردنی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كە بریتی بوو لە(٢٣) قوتابیی.

توێژەر بۆ هاوتاكردنی هەردوو كۆمەڵەی توێژینەوەكەی كۆمەڵێك گۆڕاوی هەڵبژراد بۆ ئەنجامدانی هاوتاكردنی هەردوو كۆمەڵەكە كە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

(تەمەنی قوتابییان هەژماركراو بە مانگ، ئاستی دەستكەوتی خوێندنی دایكان و باوكان، زانیاری پێشوو، توانای زمانەوانی، تاقیكردنەوەی زیرەكی (RAVN)، تاقیكردنەوەی پێشەكی بیركردنەوەی نزیكراوەیی)

**كلیلە وشەكان: مۆدیلی نموونەیی، چەمكە ڕێزمانییەكان**

**پوختەی توێژینەوەكە**

**كاریگەریی ستراتیژییەتی نموونەیی لە دەستهاتی چەمكە ڕێزمانییەكان لە بابەتی زمان و ئەدەبی كوردی پەرەپێدانی بیركردنەوەی نزیككراوەیی لەلای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا**

**ناساندنی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

کێشەی ئاستەنگی زمان بەگشتی ڕێزمان بەتایبەتی لە کێشە پەروەردەییە ئاڵۆزەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا گلەییکردن لە ڕێزمان نزیکە لەوەی ببێتە کێشەیەکی گشتی لە هەموو زمانانی جیهاندا، بێگومان ڕێزمانی زمانی کوردیش بێبەش نیە لەو ئاستەنگی و ئاڵۆزییە، دیاردەی لاوازی لە ڕێزمانیشدا بە یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکانی بەردەم پەروەردەکاران دادەنرێت، بە جۆرێک کە ڕێزمان بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن و بەتایبەتتر قۆناغی بنەڕەتی بووەتە یەک لەو بابەتانەی قوتابییان لێی بێزارن و کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، توێژەر لەڕێی بەدواداچوون و پرسیارکردن لە ژمارەیەك لە قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی لەچەند قوتابخانەیەکی جیاواز و چەندین مامۆستای هەمان قۆناغ گەیشت بەو ئەنجامەی بەکارهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ناسینەوەیان لای قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی کارێکی هەروا سادە و ساکار ئاسان نیە، سەرباری خوێندن و گرنگی چەمکە ڕێزمانییەکان و بایەخدان بە چەمکەکان بۆ قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی، کەچی قوتابییان لەم قۆناغە بەدەست لاوازی ڕێسا ڕێزمانییەکان و دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان و بەکارهێنانیان لە هەڵوێستە جیاوازەکانی زمانەوانیدا دەناڵێنن، ئەمەش وایکردووە ڕووبەڕووی چەندین گرفت ببنەوە، وەك تێکەڵکردنی چەمکە ڕێزمانییەکان و بەکارهێنانیان لە شوێنی یەکتر، تەنانەت لەگەڵ هەموو ئەم کێشانەدا هەندێك لە قوتابیان لەم قۆناغەدا هەڵەی ڕوون و بەرچاوی لە ڕێنسوودا دەکەن، هەموو ئەمانەش وایکردووە فێربوونی ڕێزمان لە قۆناغی بنەڕەتی هیچ مەبەست و ئامانجێك نەپێکێت، پشتڕاستکردنەوەی ئەم بەڵگانە توێژەر ئاماژەی بە توێژینەوەك داوە کە لەسەر لاوازی قوتابیان لە ڕێزماندا لە قۆناغی ناوەندیدا ئەنجادراوە، وەك توێژینەوەی (عەزەدین،٢٠٢٤) هەروەها چەند توێژینەوەك لە فێربوونی چەمکە ڕێزمانییەکان لە قۆناغی ناوەندی ئەنجامدراوە، وەکو توێژینەوەی (مولی، ٢٠٢٢) بە زمانی کوردی و توێژینەوەی (شهاب، ٢٠٢٢) بە زمانی عەرەبی، ئەنجامی ئەم توێژینەوانەش ڕاستگۆیی ئەو بەڵگانەی پشتڕاستکردووەتەوە.

**(ئایا کاریگەری ستراتیژی نموونەیی لە دەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان لەبابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لای قوتابییانی پۆلی هەشتەم بنەڕەتی چییە)؟**

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:**

پەروەردە دێرینترین دیاردەی کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤدا، لەگەڵ بوونی مرۆڤ دەستپێکردووە و بەردەوامی هەیە، لەڕەوتی بەردەوامبوونیدا بە هۆکارە گشتییەکان کاریگەر بووە، گەشەو پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە پرسێکی سەرەکی بونیادی کۆمەڵگەیە، هاوکات

سەرچاوەی ئەفراندنی سەرهەڵدانی شارستانیەتە، هاوتەریبە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پێداویستییەکانی سەردەم، هەروەها ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی ئەندامێکی چالاك و هەماهەنگی ژیان بێت.( قادر، ٢٠١٦، ل. ١٥)

زمانی کوردی زمانێکە خاوەن فۆرمی تایبەت بە خۆیەتی تەواو سەربەخۆیە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، لەگەڵ گۆڕانی باردۆخەکاندا شووناسی خۆی لەدەست نەداوە و لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە، سەرەڕای ئەو هەموو ئالانگاری ڕێگرییەی لێیکراوە نەشونمای کردووە تاوەکو ئێستا بە ڕەوان و پاراو ماوەتەوە. ( شوانی، ٢٠٠١، ل. ١٥١)

دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان لە هەر زمانێکدا پرۆسەیەکە بە ڕوونکردنەوەی یاسا بنەڕەتییەکانی زمان دەست پێدەکات، وەک پۆلێنکردنی وشەکان بۆ ناو و کردار و پیتەکان، تێگەیشتن لە ڕێسا ڕێزمانییەکان، دواتر ڕۆڵی بەکارهێنانی پراکتیکی لە میانەی ڕاهێنان و دەقەکانەوە دێتە ئاراوە، کە توانای قوتابییان بۆ بەکارهێنانی یاساکان لە چوارچێوەی ڕاستەقینەدا بەهێز دەکەن، وبەشدارن لە بەرزکردنەوەی تێگەیشتنیان و بەکارهێنانی کارەکی ڕێساکان،هەروەها گوێگرتن لە نموونە زمانەوانییە ڕاستەکان و شیکردنەوەی ڕستەکان دەشێ تێگەیشتن قووڵتر بکاتەوە و ئاستی توانای قوتابییان لە بەکارهێنانی یاساکان بە شێوەیەکی کاریگەر زیاد دەکات. (الجبوري، وحمزة السلطاني، ٢٠١٣، ل. ٢٢٧)

**لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێکرا دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بەم شێوەیە پوختبکەینەوە:**

١- گرنگی پەروەردە وەک پایەی بنەڕەتی و گرنگی لەهەر کۆمەڵگەیەک، پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری ئەو کۆمەڵگەیەیە.

٢- گرنگی دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بناغەی قسەکردنن، ڕێزمان لەسەر بنەمای چەمکەکان وەستاوە، ئەمەیان چەمکی کردارە و ئەوی تریان چەمکی بکەر...، دەستهاتی چەمکەکان پێگەیەکی تایبەتیان لەفێربوونی ڕێزماندا هەیە، بەوەی کە جۆرێکن لە زانیاری، پێویستە قوتابی پەی بە پەیوەندییەکانی نێوانیان ببات، لە زاراوەکانیان تێبگات و جیاوازی لە نێوان چەمکەکانیان بکات.

٣- ستراتیژییەتی نموونەیی، یەکێکە لە ستراتیژییە کاریگەرەکانی فێرکردن و ڕۆڵێکی زیندوو لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان دەگێڕێت، لەمیانەی پێشکەشکردنی نموونەی کرداری و ڕوونکاری بۆ قوتابییان لەسەر چۆنیەتی پراکتیزەکردنی مەعریفە لە چوارچێوەی ڕاستەقینەدا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. ئامانجی توێژینەوەی ئێستا زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی نموونەیی لە دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان لە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا.

٢. ئامانجی توێژینەوەی ئێستا زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی نموونەیی لە و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکردنەوەییان لە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:**

١. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی وانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەبەکارهێنانی( ستراتیژییەتی نموونەیی )دەخوێنن، و ناوەوندی نمرەکانی دەستهێنانی قوتابییانی کۆمەڵەی کونترۆڵکراو، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکاندا.

٢. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە، لە ئاستی (٠،٠٥) لەنێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەبەکارهێنانی (ستراتیژییەتی نموونویی) دەخوێنن، وناوەوندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کونترۆڵکراو، ئەوانەی بابەتی ڕێزمانی کوردی بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لە پێوەری پەرەپێدانی بیرکردنەوەی نزیکردنەوەییان.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە:**

١- قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

٢- قوتابخانە (سیروان)ی کوڕان

٣- وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندن ٢٠٢٤_٢٠٢٥.

بابەتەکانی بڕیارلێدراو لەپەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندن،(ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە، ناو لەڕووی ناسینەوە، ناوی تاك و ناوی کۆ، نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ، جێناوی کەسی لکاو، هاوەڵناوی چۆنیەتی و جۆرەکانی لەڕووی داڕشتنەوە، پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی).

**شەشەم: دیاریکردنی زاراوەکان:**

**یەکەم:نموونەیی:**

(Bandura & Richard)،(1963 پرۆسەی کارلێککردنی نێوان تاک و ڕەفتاری تێبینیکراو لە ڕێگەی نموونەی زارەکییەوە، یان لە ڕێگەی بەشداریکردن، یان نموونەی هێمایی، یان نموونەی زیندوو و پرۆسەی عەقڵی، وەک سەرنجدان، پەیبردن، بەیادهاتنەوە، و یادەوەری تێیدا بەشداردەبن، تاکەکان بەبینینی ڕەفتارکردنی ئەوانی تر لەهەڵوێستەیەکی کۆمەڵایەتیدا فێری ڕەفتاری نوێ دەبن.(p. 572 ).

**دووەم: بەدەستهێنان:**

**ابو حطب وآمال(٢٠١٣):** "چەشنێکی ڕەفتارییە، کە لە فێرکردنی چەمکە نوێیەکان و دروستکردنی پۆلێن بەندییەکی نوێ بۆ یەکەمجار دەردەکەوێت، و پشت بە فێربوونی پەی پێبردنی دەبەستێت و گرنگترین وەڵامدانەوەکانی ناولێنانە"(ل. ٦٣٦).

**سێیەم: چەمکە ڕێزمانییەکان:**

**التميمي(٢٠١٥):** چەند زاراوەیەکی دیاریکراون، و واتای دیاریکراویان هەیە، پەیوەندییەك لەنێوانیاندا هەیە و بەیەکتریان دەبەستێتەوە، و یارمەتی قوتابییان دەدەن فێریان ببن و لێیان تێبگەن، هەر چەمکێکی نوێ لە ئەنجامی چەمکێکی پێشووەوە دێتە ئاراوە و تەواوکەری یەکترن ئەو زاراوەیە لە سیفاتەکاندا ئاماژەیە بۆ بەشە ڕێزمانییەکەی(ل. ٤٧)

**چوارەم: بیرکردنەوەی نزیکراوەیی:**

(Guilford(1967"توانای گەیشتنە بە یەك وەڵامێکی ڕاست و دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك "(P.21)

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**دووەم: ستراتیژییەتی نموونەیی:**

دووبارە نمایشکردن و خستنەڕووی هەڵوێست ڕاستەقینە و پێکهاتەی بابەتەکەیە لەگەڵ دڵنیابوون لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو پرۆسانەی لە چواردەوری ئەم هەڵوێستەدا دەخولێتەوە، باندورا (Bandura) پێیوایە زۆربەی جۆرەکانی فێربوون لای مرۆڤ لە ڕێگەی تێبینیکردن و چاودێریکردنی ئەوانەی دیکەوەیە و پاشانیش لاساییکرنەوەیان دەبێت، چونکە کاتێك مرۆڤێك تەنها لە میانی تێبینی کردنەوە ڕەفتارێکی نوێ فێر دەبێت، ئەوا ئەو فێربوونە زیاتر فێربوونێکی مەعریفییە، بۆیە باندورا پێچەوانەی سکنەر پێیوایە کە فێربوون هەر دەبێت پرۆسە مەعریفییە ناوخۆییەکان لەخۆبگرێت و بەدەر لەوان نەبێت، بە واتایەکی دیکە باندورا (Bandura) باوەڕی وایە کە قوتابخانەی ڕەفتاری شرۆڤەیەکی تەواوی فێربوون پێشکەش ناکات، ئەوەش بە هۆی نەزانین و شارەزا نەبوونیان لە ڕۆڵی پرۆسە مەعریفییەکان، کە ئێستا بە کارتێکەرە دیاریکراوە سەرەکییەکانی فێربوون دادەنرێت. (الخفاجی، ٢٠١١، ل. ٤٠).

بە نموونەیی کردن واتە مامۆستا نموونەیەك لە ژیانی ڕۆژانە و قوتابخانە دەخاتە ڕوو ئەم ستراتیژییە لەگەڵ پێدانی ڕۆڵێک بە مامۆستا لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری خۆی بۆ قوتابییان بە نموونەیی کردنی ئەو ڕەفتارە، جا چ لە چارەسەرکردنی کێشەیەکدا بێت یان وەرگرتنی ڕۆڵێکی دیاریکراو، یاخود نواندنی ڕۆڵێك یان ئەرکێکی پەروەردەیی دیاریکراو لەلایەن مامۆستاوە بۆ ئەو قوتابییانە دابین دەکرێت کە پێویستیان پێیەتی، بۆ ئەوەی مامۆستا لە ڕێگەی ئەم بەنموونەیی کردنەوە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەیان وەکو ڕێگەیەك بۆ وانەوتنەوە بۆ ڕوون بکاتەوە کە

چۆن بەکاریبهێنن، لەوانەیە قوتابیان نموونەیەك پێشکەشی یەکتری بکەن، ئەوەش لە میانی نواندن یان لاساییکردنەوەی کەسێك یاخود ئەرکێکی دیاریکراو لەناو ژینگەی پۆلدا، لەهەمان کاتدا ڕەخساندن و پێدانی دەرفەت بۆیان بۆ دەربڕینی بیرو ڕاو بۆچوونەکانیان لە چوارچێوەی پرۆسەکانی نواندن و لاساییکردنەوەی ڕۆڵەکان یان ئەرکەکان، بۆیە قوتابیان دەتوانن جیاوازی لە نێوان شێوازە جۆراوجۆرەکانی بیرکردنەوە بکەنەوە و بڕیار لەسەر شێوازی گونجاو بدەن. (عطية،٢٠٠٩، ل. ٢٢٨-٢٢٩)

**هەنگاوەکانی ستراتیژییەتی نموونەیی:**

هەر یەکە لە (Wilen & Philips، 1995 ) پێشنیاری هەنگاوی بە نموونەیی کردن بەم شێوەیەی خوارەوە دەکەن:

١. **ئامادەکاری:**

ئامانجی ئەم قۆناغە ئەمانەی خوارەوەیە:

- ڕوونکردنەوەی ئامانج لە پرۆسەی فێربوون.
- بەستنەوەی وانەکە بە ئەزموونەکانی پێشووترەوە.
- دەستنیشان کردنی ئەو هەڵە پێشبینیکراوانەی کە قوتابی تێیان دەکەوێت.

**٢. دەستنیشان کردنی ڕۆڵ:**

مامۆستا ڕۆڵی هەر قوتابییەك لە میانی دابەشکردنیان بۆ چەند کۆمەڵەیەك دەستنیشان دەکات، کە هەر کۆمەڵەیەك تەنها دوو قوتابی لەخۆدەگرێت، یەکێکیان ڕۆڵی نموونەکە دەگێرێت. (ئەوەیان کە پرۆسەکانی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی ئەوەی بە مێشکیدا دێت بە دەنگێکی بەرز و دەربڕینی بە شێوەی زارەکی و بەکارهێنانی پرسیاری خودی)، ئەوەی تریشیان ڕۆڵی چاودێر دەگێرێت (چاودێری ئەوە دەکات کە نموونەکە پێشکەش دەکات لە ڕێگەی چارەسەرکردن و ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە چارەسەرکردنەکە

**ئەلبێرت باندورا** (Albert Bandura) لە ٤ی دیسەمبەری ١٩٢٥ لە مۆندرا لەدایکبووە، زانایەکی دەروونزان بوو، مامۆستای فەخریی لە دەروونزانیی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی ستانفۆرد، خاوەنی بیرۆکەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییە، بەشداریی زۆرێك لە بوارەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی بە درێژایی شەش دەیەی ڕابردوو کردووە، بە تیۆری، لە ڕێکەوتی ٢٦ی یۆلیۆی ٢٠٢١ لە تەمەنی (٩٥) ساڵی کۆچی دوایی.

ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها ئاگادارکردنەوەی نموونەکە لە حاڵەتی هەڵەکردن بە بێ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆی. (عطية،٢٠٠٩، ل. ٢٢٩-٢٣٠).

**٣. نموونەیی کردن بە هۆی مامۆستاوە:** مامۆستا نموونەیەك دەربارەی پرۆسە عەقڵییەکانی کارامەیی پێشکەش دەکات، مامۆستا بیر دەکاتەوە و بە دەنگێکی بەرزو لە بەردەم قوتابیان

خودی خۆی ئاڕاسته دەکات و وا خۆی دەردەخات كه هەڵەیه و پاشان له حاڵەتی گرنگ هەڵەکه ڕاست دەکاتەوە، بۆ ئەوە قوتابیان به چاوی خۆیان ببینن مامۆستا چۆن کارامەییەکه بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکه بەکاردەهێنێت؟ چونکه مامۆستا نموونەیەك بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە له میانی دەربڕینی بێژەیی و زارەکییەوە لەوەی له مێشکیدایه پێشکەش دەکات.

**٤. نموونەیی کردن به هۆی قوتابییەوە:**

لێرەدا یەکێك له قوتابییەکان وەکو مامۆستاکه ڕۆڵی نموونەکەی تر دەبینێت، پاشان کارەکانی لەگەڵ هاوپۆلەکەی تری تەنشیتی بەراورد دەکات، به جۆرێك هەر یەکێکیان بۆ ئەوی تر به زمانی تایبەتی خۆی باسی ئەوە دەکەن که چی به مێشکیاندا دەگوزەرێت، بەمەش قوتابییان پەی به پرۆسەکانی بیرکردنەوە دەبەن، مامۆستاش جەخت له تێگەیشتنی قوتابیان دەکاتەوە له پرۆسەکانی بیرکردنەوە، بەوەی داوایان لێدەکات، ئەوە ڕوون بکەنەوە که چۆن گەیشتوونەته چارەسەر، لێرەدا مامۆستا له داڕشتنی باشترین چارەسەر و به زمانێکی زانستیانەی دروست دەستتێوەردان دەکات

.(p.135-139،1995،Wilen&Philips)

**٥. گفتوگۆ و (هەڵسەنگاندن):**

له دوای کۆتاییهاتنی شیکارکردنی ڕاهێنانی پێشکەشکراو به قوتابییان، گفتوگۆ لەسەر ئەو چارەسەرانه دەکرێن که پێی گەیشتوون. (عطیة، ٢٠٠٩، ل. ٢٣٠).

سەرەتا به سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆ له لایەن مامۆستا و له ناو ژووری پۆل جێبەجێدەکرێت، له قۆناغی دواتریش دەکرێت له لایەن خودی قوتابییانەوە بەکاربهێنرێت. مامۆستا دەست به دابەشکردنی قوتابییان دەکات بەسەر کۆمەڵەکاندا که هەر کۆمەڵەیەك تەنها دوو قوتابیی لەخۆبگرێت، پاشان ڕۆڵەکان دابەش دەکرێن، تا یەکێك له قوتابییەکان له هەر کۆمەڵەیەك ئەو کێشەیه چارەسەر دەکات که به دەنگێکی بەرز پێی دەدرێت (واته له کاتی چارەسەرکردنەکه به دەنگێکی بەرز بیر دەکاتەوە)، داوا له قوتابیی دووەمیش دەکات به ئاگاییەکی زۆرەوە گوێ بگرێت و وردبینی له هەموو ئەو بۆچوونانه بکات که گوێی لێ دەبێت یان وته و کردارەکانی هاوپۆلەکەی دەبینێت (واته ئەویش سەبارەت به بیرکردنەوەی هاوپۆلەکەی بیر دەکاتەوە).(جروان، ٢٠٠٥، ل. ٢٩٧- ٢٩٨).

دەکرێ ڕۆڵی قوتابیی به نموونەیی کراو و قوتابیی چاودێر لەمانەی خوارەوەدا پوخت بکرێنەوە:

**سێیەم: دەستهاتی چەمکەکان:**

شۆڕشی زانیاریی مۆدێرن و هاوچەرخەکان و ئەو بڕو قەبارە زۆرەی زانین که لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، وای کردووە ئەستەم بێت هەموو زانست و زانیارییەکی پێویست و جیاواز له

بوارەکانی زانین بۆ قوتابییان دابین و فەراهەم بکرێت، بۆیە بەپێویست زانرا جەخت بکرێتە سەر چەمکەکان و کارامەیی و لێهاتوویە بنەڕەتییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندن و قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن ودواتر بەکارهێنانی چەمکەکان لە ڕێکخستنی پرۆگرامدا دەرکەوتن. (العدوان ومحمد، ٢٠١١، ل. ٤٧ ) .

**چەمکە ڕێزمانییەکان:**

وەك ئەوەی لە جۆرێکی پەتی و نەگۆڕ دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە، کە ناکرێ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە پەی پێ ببردرێت و درکی پێ بکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی ئەزموونە ڕاستەوخۆکانەوە جیا دەکرێنەوە.

نموونە: وشەی (نیهاد) چەمك نییە، بەڵکو ناوی ئەو چەمکەیە، ئەو وێنە هزرییەی کە تایبەتمەندییەکانی نیهاد پێکدەهێنێت هەمووی بریتییە لە "چەمك"ەکە یان ناوەڕۆکی وشەکە".

**فێربوونی چەمکە ڕێزمانییەکان:**

ڕێزمانیش وەکو هەر بابەتێکی تر، چەمکی تایبەت بە خۆی هەیەو هەر گومان و ناڕوونییەك یان شاراوەییەك لە تێگەیشتنی زمان ڕادەماڵێت و نایهێڵێت، ئەمەش پێویستیی بە پێناسەکردنی ئەو چەمکانە و دەستنیشان کردنیان هەیە، هەروەها ڕوونکردنەوەیان بەپێی بەڵگە جیاوازەکانیان و پابەندبوون پێیانەوە، وەکو کلیلێکی بیرکردنەوەی زیندووی زمانەوانیانە. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاماژەی پێکرا گرنگیی فێربوونی چەمکە ڕێزمانییەکان ڕوون دەبێتەوە و بریتین لە:

١- زانینی چەمکە ڕێزمانییەکان کردنەوەی دەرگایەکە بۆ دروست بۆ بەکارهێنانی زمان.

٢- فێربوونی چەمکە ڕێزمانییەکان بەشدارە لە فێربوونی چەمکەکانی یوەست بابەتەکانی دیکە بە زمانەوە.

٣- چەمکە ڕێزمانییەکان یارمەتدەرن لە دەستهاتی تێگەیشتنێکی قووڵ لە سرووشتی بابەتی ڕێزمانی.

٤- چەمکە ڕێزمانییەکان ڕێگە بە فراوانبوونی پەیوەندیی فیکری و کولتووری دەدات بەپێی مێژووی پێکهێنانی میراتی زمان و ڕێزمانەکەی.

٥- دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان لە لایەن قوتابییەوە فێری زمان پاراوی لە دەربڕین و گەیاندنی بیرۆکەکانی بە بەسادە و ئاسانی دەکات. (ابراهیم، ٢٠٠٥، ل. ٧٨).

**بیرکردنەوەی نزیکراوەیی: (convergent thinking)**

یەکێکە لە دوو جەمسەرەکەی بیرکردنەوەی بەرهەمهێنان کە (گیلفۆرد) ئاماژەی پێیداوە، بە جۆرێك کە جەمسەرەکەی دیکەیان بیرکردنەوەی دوورکراوەییە، گیلفۆرد بەر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بایەخی بە توێژینەوەی تاقیکردنەوە دەروونییەکان و کۆکردنەوەی توانا

هزرییەکان لە تیۆرەکەی (بونیادی هزر) دا، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بریتییە لەو کارامەییەی کە تاکەکان لە کاتی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکانی ژیری بەکاری دەهێنن.(العباجی، ٢٠٠٢، ل. ٦٥).

لە ساڵی ١٩٥٩ گیلفۆرد ئاماژەی بەوەدا کە توانای گەیشتن بە یەك چارەسەر دروستە بۆ هەر کێشەیەك یان بەرهەمهێنان واتە پێدانی چارەسەر یان بەرهەمهێنانی یاخود وەڵامدانەوەی کە ئەویش پێدان چارەسەری دیاریکراو و ڕاستە و پێشتریش دەستنیشان کراوە. (رزوقی واستبرق، ٢٠١٩، ل. ١٣٥).

**تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەو توێژینەوانەی تاووتوێی ستراتیژییەتی نموونەییان کردووە:

| ژمارە | ناوی توێژەر و ساڵ و شوێن | ناونیشانی توێژینەوە | میتۆدی توێژینەوە | ڕەگەزی نموونە | نموونە | قۆناغی خوێندن | ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | غفوري (٢٠١٤) عراق | ئامانجی توێژینەوەکە ناسینی کاریگەری ستراتیژیی بە نموونەکردنە لە دەستکەوتی بابەتی بنەماکانی زیندەوەرزانی و زیرەکیی کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی ناوەندی. | ئەزموونی | نێر | ٦٠ | پۆلی یەکەمی ناوەندی | دەستکەوت و زیرەکی کۆمەڵایەتی | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو |
| دووەم | مولی (٢٠٢٢) عراق | ئامانجی توێژینەوەکە کاریگەریی ستراتیژیەتی پرسیار گۆڕینەوەی ئاراستەکراو لەسەردەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی خوێندنەوە و ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وئاراستەیان بەرەو بابەتەکە | ئەزموونی | نێر | ٦٥ | پۆلی یەکەمی ناوەندی | بە دەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکان و ئاراستەیان بەرەو بابەتەکە | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو |
| سێیەم | محەممەد (٢٠٢٤) عێراق | ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کریگەریی ستراتیژی کۆلۆمبۆیە لە تێگەیشتنی خوێندنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی هاوچەرخ لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی وبیرکردنەوەی نزیکراوەییان | ئەزموونی | مێ | ٦٠ | پۆلی چوارەمی ئامادەیی | تێگەیشتنی خوێندنەوە + بیرکردنەوەی نزیکراوەیی | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو |

**میتۆد و ڕێكارەكانی توێژینەوەكە**

ئەم بەشە باس لەو ڕێكارانە دەكات كە پەیڕەو دەكرێن بۆ گەیشتن بە ئەنجامەكانی توێژینەوەكە، لەوانەش میتۆدی توێژینەوە كە لە توێژینەوەكەدا بەكارهاتووە، وەسفكردنی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە، نمونەكەی و شێوازی هەڵبژاردنی ڕێكارەكانی هاوتابوونی نێوان گروپەكانی توێژینەوەكە. هەروەها ڕێكارەكانی دروستكردنی دوو ئامرازی توێژینەوەكە و دۆزینەوەی ڕاستگۆیی و متمانەپێكراوی و كۆنترۆڵكردنی گۆڕاوەكان ڕوون دەكاتەوە. هەروەها چۆنیەتی جێبەجێكردنی ڕێكارەكانی توێژینەوە و ئاماری لەخۆدەگرێت كە لە شیكردنەوەی داتاكان بەكارهێنراون.

**میتۆدی و ڕێكارەكانی توێژینەوەكە**

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوەكەی شێوازی ئەزموونی گرتەبەر، چونكە میتۆدێكە لەگەڵ ڕێكارەكانی توێژینەوەكەدا یەكدەگرێتەوە. ئەم بەشە بریتییە لە خستنەڕووی ئەو میتۆد و ڕێكارانەی كە لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەو دەكرێت، توێژەر میتۆدی ئەزموونی بۆ توێژینەوەكەی پەیڕەو كردووە، چونكە شێوازێكی گونجاوە بۆ سروشتی توێژینەوەكە، بەو پێیەی تیاییدا چارەسەری كیشەی توێژینەوەكە دەكات و جا بۆ ئەوەی ئەنجامەكان دروست بن، دەبێت ئەزموونەكە بە شێوەیەكی ورد دروست نەخشەسازی بكرێت و گۆڕاوەكانیشی ڕێكوپێك بن، ئەگەرنا ئەنجامەكان دروست نابن

(الشرع واخرون،٢٠١٦، ل. ١٣٠).

**دیزاینی ئەزموونی:**

بریتییە لە بەرنامەیەكی كار و نەخشەیەك بۆ چۆنییەتی تاقیكردنەوەكان و باردۆخ و هۆكارەكانی دەوروبەری دیاردەی توێژینەوەكە، لە ڕێگەی ئەم جۆرە میتۆدەوە دەتوانێت گریمانەكان هەڵبژێرێت و بگات بە ئەنجامێكی ڕاستگۆیانە و باوەڕپێكراو لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆكان و گۆڕاوە پشت بەستەكان(منسي، ٢٠٠٠، ل. ٢٣٤)

دەستنیشان كردنی جۆری دیزاینی ئەزموونی بەندە بە سرووشتی كێشەكە و بارودۆخی نموونەكە، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە یەك گۆڕاوی سەربەخۆی هەیە (ستراتیژییەتی نموونەیی) كردن و دوو گۆڕاوی پشتبەست( دەستهاتی چەمكە ڕێزمانییەكان و بیركردنەوەی نزیكراوەیی)ە، بۆیە توێژەر پشتی بە ڕێبازی ئەزموونیی بۆ هەردوو كۆمەڵە هاوسەنگەكە بەست (كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كە بە ڕێگەی ئاسایی بابەتی وانەكەنیان خوێند و كۆمەڵەی ئەزموونی كە بابەتی وانەكانیان بەپێی ستراتیژییەتی (نموونەیی) كردن خوێند و لە كۆتایی كۆرسدا تاقیكردنەوەی دەستهاتی چەمكە ڕێزمانییەكان و تاقیكردنەوەی بیركردنەوەی نزیكراوەییان ئەنجامدا، وەك ئەوەی لە شێوەی (٤)دا دەردەكەوێت.

| کۆمەڵە | گۆڕدراوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | ئامرازەکان |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی به نموونەکردن | دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان + بیرکردنەوەی نزیکراوەیی | تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان + تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی کۆتایی |
| کۆنترۆڵ کراو | ــــــــــــــــ | | |

شێوەی (٤) نەخشەسازیی ئەزموونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

**نموونەی توێژینەوە:**

نموونە بریتییە لە کۆمەڵە یەکەیەك لەو کۆمەڵگەیە هەڵدەبژێردرێت، کە بڕیار وایە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، هەڵبژاردنەکەش بە پێی بنەمایەکی دیاریکراو و ڕێکوپێکە لە پێناو نواندنی کۆمەڵگەکە، تایبەتمەندی و خەسڵەتی هاوبەشیشیان هەیە (الاسدي وسندس،٢٠١٥، ل. ١١٧)، توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کردووە:

١- **نموونەی قوتابخانەکان:** دوای زانین و ناسینی قوتابخانە بنەڕەتییە حکومییەکانی کوڕان لە پارێزگای کەرکوك، توێژەر قوتابخانەی (سیروان)ی بە ئەنقەست لە ناو قوتابخانەکانی تردا هەڵبژارد، کە سێ هۆبەی تێدابوو بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکەی تیایدا.

٢- **نموونەی قوتابییان** : دوای ئەوەی توێژەر ئەو قوتابخانەیەی دەستنیشان کرد کە ئەزموونی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدات، توێژەر لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/٢٧) و بە پێی نووسراوی ئاسانکاریی ئەرك بەژمارە (٨٤٩٦) پاشکۆی (٢) کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای کەرکوکەوە دەرچووبوو سەردانی قوتابخانەی ناوبراوی کرد و بینی تەنها سێ هۆبەی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی تێدایە هۆبەکانی بریتیی بوون لە (أ، ب، ج).

توێژەر لە ڕووی ئامارییەوە قوتابییانی دەرنەچووی ساڵی پێشووی دوورخستەوە، لە ڕوانگەی ئەوەی ئەوان ئەو بابەتەیان خوێندووە و لەوانەیە کاریگەریی نەرێنی، یان ئەرێنی لە ئەنجامەکانی توێژینوەکەدا هەبێت، (٥) قوتابیی دەرنەچووی تێدابوو، بەمەش کۆی گشتی نموونەی توێژینەوەکە (٤٨) قوتابی بوو لە هەردوو کۆمەڵەکە (٢٥) قوتابی لە کۆمەڵەی ئەزموونی و (٢٣) قوتابیش لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، خشتەی (٣) ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

خشتەی (٣)دابەشکردنی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە پێش و دوای دوورخستنەوەکە بۆ سەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە

| ز | کۆمەڵە | ژمارەی قوتابییانی دوورخراوە | ژمارەی قوتابییانی دەرنەچوو | ژمارەی قوتابیان دوای دوورخستنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەزموونی (ج) | ٢6 | 1 | 2٥ |
| ٢ | کۆنترۆڵکراو (أ) | ٢٧ | ٤ | ٢٣ |
| ٣ | کۆی گشتی | 5٣ | ٥ | ٤8 |

**چوارەم: هاوسەنگیی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە:**

**١. تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ:**

توێژەر لە ڕووی ئامارییەوە هاوسەنگیی لە تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ بۆ قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەنجامدا، لە پاشکۆی (٦) تەمەنی قوتابییان تۆمارکراوە، بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازیی نێوان ناوەندی تەمەنی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەکەش توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t-Test) بۆ هەردوو نموونەکە بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەکی خوارەوە بوو. خشتەی (٤) ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی (٤)ناوەندی هەژمار، لادانی پێوەری، بەهای هەردوو تائەکان (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازاد، بەڵگەداری ئاماریی نمرەکانی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تەمەنی هەژمارکراو بە مانگ**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمار | لادانی پێوەری | هەردوو بەها تائییەکان | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لە ئاست (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٩٢،١٥٩ | ٤٨،٤ | ٥٦٦،٠ | ٠١،٢ | ٤٦ | بەڵگەداریی ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٢٣ | ٧٨،١٦٠ | ٠٢،٦ | | | | |

**٢. نمرەی زمان و ئەدەبی کوردیی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بۆ ساڵی پێشوو خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤):**

دوای ئەوەی توێژەر نمرەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیی ساڵی خوێندنی پێشووی لە بابەتی زمانی کوردیی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) دەستکەوت پاشکۆی (٦)، دوای شیکردنەوەی نمرەکان لە ڕووی ئامارییەوە، توێژەر بۆی دەرکەوت کە ناوەندە نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی (٩٦،٧٤) نمرە و بە لادانی پێوەری (٣٣،١٤)، ناوەندە نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش (١٣،٧٢) نمرە و لادانی پێوەری (٥٣،١٢) و بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازیی نێوان ئەو دوو ناوەندە نمرەیەش توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا و دەرکەوت کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نەبوو لە ئاستی (٠.٠٥)، چونکە بەهای تائیی هەژمارکراو (٧٢٥،٠) بوو، ئەوەش لە بەهای تائیی خشتەیی (٠١،٢) بچووکترە بە نمرەی ئازادی (٤٦) ئەم ئەنجامەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە ڕووی ئامارییەوە هاوسەنگ بوون لە گۆڕاوی نمرەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندنی پێشووتر لە زمانی کوردی، خشتەی (٧) ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی ( ٧ )ناوەندی هەژمار، لادانی پێوەری، بەهای هەردوو تائی (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازاد، بەڵگەداری ئاماری نمرەکانی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە نمرەکانی ساڵی پار (٢٠٢٣-٢٢٤)**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمار | لادانی پێوەری | هەردوو بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٩٦،٧٤ | ٣٣،١٤ | ٧٢٥،٠٠ | ٠١،٢ | ٤٦ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٢٣ | ١٣،٧٢ | ٥٣،١٢ | | | | |

**پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**١. دەستنیشان کردنی بابەتی زانستی (چەمکە ڕێزمانییەکان):**

یەکەم هەنگاوەکانی ئامرازی توێژینەوەکە، دەستنیشانکردنی بابەتی زانستی بوو، بۆ ئەمەش توێژەر ئەو بابەتە زانستییەی کە بڕیاربوو لە ماوەی ئەزموونەکە بە هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بڵێتەوە دەستنیشانکرد، ئەوەش بەپێی یەکەکانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بڕیار لەسەردراوی بۆ قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) کە لەگەڵ پلانی ساڵانەی سەرجەم قوتابخانەکان بەڕێوەدەچێت.

توێژەر چەمکە ڕێزمانییەکانی لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی کۆرسی یەکەم بەشی ڕێزمان دەرهێنا کە بریتیین (٧) بابەت، توێژەر لە چوارچێوەی ئەزموونەکەیدا چەمکە ڕێزمانییەکانی دەستنیشانکرد کە ژمارەیان (٢٢) چەمك بوو، لیستی چەمکە ڕێزمانییەکانیشی خستە بەردەم کۆمەڵێك لە دادوەرانی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی و تایبەتمەندی لە بواری زمانی کوردی و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و مامۆستایانی زمانی کوردی کە پسپۆڕی زمانی کوردین، پاشکۆی (٥)، ئەوەش بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاوبۆچوونەکانیان دەربارەی شیاوی چەمکە ڕێزمانییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ڕاوبۆچوونەکانیان و ڕێککەوتنی ڕێژەی زیاتر لە (٩٠%)ی ڕەزامەندیی دادوەران، سەرجەم چەمکەکان وەکو خۆی مایەوە کە توێژەر دەستنیشانیکردبوون و ژمارەیان (٢٢) چەمك بوو.

خشتەی (١١) ئەو چەمکانە ڕوون دەکاتەوە کە لە ناو هەر حەوت بابەتی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بوون و ژمارەیان (٢٢) چەمك بوو.

**خشتەی ( ١١ )چەمکە ڕێزمانییەکان بابەتەکانی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی**

| ز | چەمکی سەرەکی | ژمارە | ژمارەی لاپەڕە | چەمکە لاوەکییەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ناو لەڕووی ڕەگەزەوە | ٤ | ١٠-١٥ | ناوی نێر، ناوی مێ، ناوی دوو لایەن، ناوی بێ لایەن |
| ٢ | ناو لەڕووی ناسینەوە | ٢ | ١٦-٢٣ | ناوی ناسراو، ناوی نەناسراو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ناوی تاك و ناوی كۆ | ٢ | ٢٤-٢٧ | ناوی تاك، ناوی كۆ |
| ٤ | نیشانە تایبەتییەكانی نێر و مێ | ٤ | ٢٨-٣١ | لە دۆخی دانەپاڵ بۆ ڕەگەزی نێر و لە دۆخی دانەپاڵ بۆ ڕەگەزی مێ، لە دۆخی بانگكردن بۆ ڕەگەزی نێر و لە دۆخی بانگكردن بۆ ڕەگەزی مێ |
| ٥ | جێناوی كەسی لكاو | ٤ | ٣٢-٤١ | جێناوی لكاوی زاری ناوەڕاست، جێناوە لكاوی زاری كرمانجی سەروو، لەڕووی كەس و ژمارە، ئەركی جێناوی لكاو وەكو بكەر |
| ٦ | ئاوەڵناوی چۆنییەتی لەڕووی داڕشتنەوە | ٣ | ٤٢-٤٨ | هاوەڵناوی چۆنییەتی سادە، هاوەڵناوی چۆنییەتی داڕێژراو، هاوەڵناوی چۆنییەتی لێكدراو |
| ٧ | پلەكانی هاوەڵناو | ٣ | ٤٩-٥٢ | هاوەڵناوی چۆنییەتی پلەی چەسپاو، هاوەڵناوی چۆنییەتی پلەی بەراورد، هاوەڵناوی چۆنییەتی پلەی باڵا |
| كۆ | | ٢٢ | | |

## ٢. داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەكان :

خشتەی (١٣)ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەكان لە بابەتەكانی خوێندن بەپێی پۆلینكردنی بلوم

| ناوەڕۆكی زانستی | ئامانجە ڕەفتارییەكان | | | | | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێكردن | شیكردنەوە | پێكهێنان | |
| ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە | ٢ | ٣ | ٢ | ٢ | ٢ | ١١ |
| ناو لە ڕووی ناسینەوە | ٣ | ١ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ |
| ناوی تاك و ناوی | ٣ | ٢ | ٢ | ١ | ٢ | ١٠ |
| نیشانە تایبەتییەكانی نێر و مێ | ٢ | ٣ | ٤ | ٢ | ٢ | ١٣ |
| جێناوی كەسی لكاو زاری ناوەڕاست و زاری سەروو | ٤ | ٣ | ٤ | ٢ | ١ | ١٤ |
| هاوەڵناوی چۆنییەتی لەڕووی داڕشتنەوە | ٣ | ٥ | ٤ | ٢ | ٢ | ١٧ |
| پلەكانی ئاوەڵناوی چۆنییەتی | ٢ | ٢ | ٣ | ١ | ١ | ٩ |
| كۆی گشتی | ١٩ | ١٩ | ٢٢ | ١٣ | ١٢ | ٨٥ |

**ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئامرازی توێژینەوە، بەو ئامرازە دادەنرێت کە توێژەر بۆ دەستهاتی زانیارییە پێویستەکان لە سەرچاوە پەیوەندیدارەکانی توێژینەوەکەیەوە بەکاری دەهێنێت. (عباس واخرون، ٢٠١١، ل. ٢٣٧)، لەگەڵ ئەوشدا لە توێژینەوەی زانستیدا چەند ئامرازێك بۆ كۆكردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەردەستن، وەهیچ ئامرازێکیش نیە بۆ هەموو جۆری توێژینەوەکان بەکاربهێنرێت (بۆکانی، ٢٠٢٠، ل. ١٤٨) سرووشتی ئەم توێژینەوەی ئێستا و ئامانجەکانیشی پێویستییان بە دابینکرنی ئامرازی پێوانەکردن هەیە، کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی ڕێزمانی کوردی و بیرکردنەوەی نزیکراویی بۆ قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، وا لە خوارەوەش ڕێکارییەکانی ئامادەکردنی ئامرازەکان ڕوون دەکەینەوە:

**یەکەم- تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکەکان ڕێزمانییەکان:**

تاقیکردنەوە بریتییە لە کۆمەڵە پرسیارێك بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی قوتابیان دادەنرێت (عبد الهادي، ٢٠٠٢، ل. ٢٠١)، لە سۆنگەی ئەوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا پێویستیی بە بونیادنانی تاقیکردنەوەیە بۆ دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، جا بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ (نموونەیی) لە گۆڕاوی پشتبەست (دەستهاتی چەمکەکان) بە بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی.

**١. ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

بریتییە لە پێوانەکردنی ڕووی ڕواڵەتیی تاقیکردنەوەکە بەو پێیەی ئاماژە بەوە دەکات کە بۆچی داڕێژراوە و لە لایەن دادوەران و پسپۆڕانەوە پێوانە دەکرێت (الجبوری، ٢٠١٨، ل. ١٦٨)، هەروەها بەو مانایەیە کە تاقیکردنەوەکە بۆ قوتابیان یان ئەو کەسانەی سەرنجی دەدەن، ڕاستگۆ دەرکەون، واتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاچەند تاقیکردنەوەکە ڕەوانی و ڕێنماییەکانی گونجاون بۆ قوتابییان، بەو پێیە تاقیکردنەوەکە پێویستیی بەوەیە بخرێتە بەردەستی کۆمەڵێك لە دادوەر پسپۆڕان، هەروەها پێی دەگوترێت ڕاستگۆیی دادوەران، بەپشت بەستن بە ڕێککەوتنی ئەو دادوەرانەش دەکرێت بگەنە ڕاستگۆیی ئەو تاقیکردنەوەیە کە بەپێی ئەو ڕێکارییانە دەکرێت بەوەی تاقیکردنەوەکە بە ڕووکەش وا دەردەکەوێت، وەك ئەوەی ئەو شتە بپێورێت کە لە پێناو پێوانەکردنیدا داڕێژراوە (الزاملي وآخرون، ٢٠٠٩، ل.٢٤٠)، بۆ دڵنیابوونیش لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە بە شێوەی ڕواڵەتی، توێژەر تاقیکردنەوەکەی بە شێوەی بەرایی دابەشکرد بەسەر شارەزا و پسپۆڕان لە زمانی کوردی و ڕێگەکانی وانەوتنەوە، پاشکۆی (٥)، بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانیان بۆ نمرەی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە، لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارەکانیان ئەو بڕگانەی پێویستییان بە هەموارکردنەوە هەبوو هەموار کرانەوە، دوای دەرکردنی بەهای (کا[٢])ی هەژمارکراو کە لە نێوان (٢٠بۆ ١٠) بە بەهای خشتەیی گەیشتە (٣،٨٤) لە ئاستی

بەڵگەداریی (٠.٠٠٥) و نمرەی ئازادی (١)، بەمەش ئەنجامەکان شیاویی سەرجەم برگەکانی تاقیکردنەوەکەیان دەرخست، کە ڕێژەی سەدیی ( ٩٠% )بوو، بۆیە برگەکانی تاقیکردنەوەکەش (٥٥) برگە مانەوە، پاشکۆی (١٢) و خشتەی (١٦) ئەوە ڕوون دەکەنەوە:

**خشتەی (١٦)هەردوو بەهای (کا[٢])ی هەژمارکراو و خشتەیی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان**

| زنجیرەیی برگەکان | ژمارەی دادوەران | | | ڕێژەی سەدی | بەهای کا[٢] | | بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | ڕەزامەند | نا ڕەزامەند | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ٢، ٤، ٧، ٩، ١٣، ٢١، ٢٥، ٣٤،٤٨، ٣٧، ٤٢، ٥٢ | ٢٠ | ٢٠ | – | ١٠٠ % | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١١، ١٤، ١٦، ١٨، ٢٢، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٩، ٤٣،٥٥ | ٢٠ | ١٩ | ١ | %٩٥ | ١٧.٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١٢،٣، ٢٠، ٢٧، ٣٠، ٤١، ٤٥، ٤٦،٥٠، ٥٤،٦ | ٢٠ | ١٩ | ١ | %٩٥ | ١٧،٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١، ٥، ١٠،١٥ ٢٤، ٣١، ٣٣، ٥٣،،٤٧،٣٥، ٣٨ | ٢٠ | ١٦ | ٤ | %٨٠ | ١٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٨، ١٧،١٣، ٢٣، ١٩، ٣٢، ٣٦، ٤٠،٥١، ٤٤،٤٩ | ٢٠ | ١٧ | ٣ | %٨٥ | ١٢،٠٥ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |

**٢. ڕاستگۆیی ناوەڕۆك:**

مەبەست لە ڕاستگۆیی ناوەڕۆك ئاستی نواندنی برگەکانی تاقیکردنەوەیە بۆ ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی مەبەستە پێوانە بکرێت، ئەو کاتەش تاقیکردنەوەکە بە ڕاستگۆ دادەنرێت ئەگەر دابەشکارییەکانی و لقەکانی نواندنێکی ڕاست و دروستی بکەن(الريماوي، ٢٠١٧، ل. ١٠٤).

بۆیە توێژینەوە لە ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکە کرا، ئەوەش بە خستنە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆرانی ڕێگەکانی وانەوتنەوەی بابەتی زمانی کوردی.پاشکۆی(٥).بەڵگەی ڕاستگۆیی ناوەڕۆکیش بەدی دێت ئەگەر پێویست بێت بۆ ئەو بوارەی زانین کە ناوەڕۆکەکەی لە پێناودا دانراوە بنچینەیی بێت، بە واتای ئەوەی ڕەگەزەکانی ناوەڕۆك (چەمکەکان) توانای بەکارهێنانی فراوانیان هەیە، بە جۆرێك ببێتە مایەی زانست و زانیاریی زیاترو فێربوون و تەواوکاری و بەردەوامبوونی. (علی، ٢٠١١، ل. ٤٢). لەبەرئەوەی پێوانەکردنی چەمکەکە پێنج ئاست لەخۆدەگرێت (پێناسەی چەمك، جیاوازی چەمك، جێبەجێکردنی چەمك، شیکردنەوەی چەمك، پێکهێنانی چەمك) وەک پێنج ئاستی دەرئەنجامەکان کە گوزارشت لە دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان دەکەن، بەم شێوەیە ڕەوایەتی ناوەڕۆکەکە بەدەست هات، چونکە ڕەگەزەکانی ناوەڕۆک (چەمکەکان) توانای بەکارهێنانی بەرفراوانیان هەیە و سەرباری ئەمەش شارەزایان و

دادوەران ڕاوبۆچوون تێبینییەکانی خۆیان لە دەستنیشان کردنی چەمکەکان و ئاستی گونجانیان و نواندنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ چەمکەکانی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی تەواو و بێ کەموکووڕی بوون.

**دووەم- تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی:**

توێژەر بە ئامانجی پێوانەکردنی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی سەرنجی ئەدەبیات و ئەو توێژینەوانەی دا کە لەم بوارەدا ئەنجام درابوون، هەروەها توێژەر بۆ بونیادنانی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی پشتی بە تاقیکردنەوەکانی ( الفالح، ٢٠١٧) و ( عبد، ٢٠٢١) و (مەحەمەد، ٢٠٢٤) بەست.

**دەستنیشان کردنی ئامانج لە تاقیکردنەوە:**

ئامانج لە تاقیکردنەوە پێوانەکردنی بیرکردنەوەی نزیکراوەییە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیی لە بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

**ئامادەکردنی داڕشتنی بەرایی تاقیکردنەوە:**

توێژەر (٣٦) بڕگەی بابەتە گشتییەکان ئامادەکرد کە (١٢) کارامەیی لەخۆدەگرێت و دوای خستنە بەردەستی کۆمەڵێك لە دادوەرانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و شارەزایانی ڕێگەکانی وتنەوەی وانەی زمانی کوردی، تەنها یەك بڕگەی لێ لادرا، کە زۆربەیان لەسەر لادانی ئەو بڕگەیە هاوڕاو کۆك بوون، بەمەش کۆی بڕگەکان بوو بە (٣٥) بڕگە.

**ڕاستگۆیی ڕوواڵەتی:**

بریتییە لە پشکنینی تاقیکردنەوە بۆ یەکەم جار، کە بەڵگەی ئەوەیە پێوانەی ئەوە دەکات کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە، ڕاستگۆیی ڕوواڵەتی دەربڕی ڕووخساری گشتیی تاقیکردنەوەکەیە و ئاماژە بە توانای تاقیکردنەوەکە دەدات لە پێوانەکردنی ئەوەی لە پێناویدا دانراوە، ئەوەش لە میانی پەیوەندیی بڕگەکان بەو گۆڕاوەی مەبەستە پێوانە بکرێت و ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکەش لەگەڵ مەبەستەکەی هاوڕایە، لێرەدا تاقیکردنەوەکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵێك لە دادوەرو تایبەتمەند و پسپۆڕان بۆ دەرخستنی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە (الخیاط،٢٠١٢، ل. ١٥٧). دوای داڕشتنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و بە شێوەیەکی بەرایی و ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکە لە چۆنیەتیی دابەشکردنی نمرەکان، توێژەر بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکەی، بڕگەکانی تایقیکردنەوەکەی خستە بەردەم کۆمەڵێك لە شارەزایان و تایبەتمەندانی پەروەردە و دەروونزانی و ڕێگەکانی وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی، ڕاوبۆچوونی شارەزایان بە هەند وەرگیراو (٣٥) بڕگە لە لایەن شارەزایانەوە پەسند کرا بە ڕێژەی ڕێککەوتنی زیاتر لە (٩٠%)، پاشکۆی (١٤).لە خشتەی (٢٠) دا ڕاستگۆی ڕێژەی سەدی پەسەندکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٢٠ )ڕاستگۆیی ڕوواڵەتیی تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی ڕوون دەکاتەوە**

| ز | کارامەییەکان | ژمارەی برگە | ژمارەی دادوەران | | | ڕێژەی سەدی | بەهای چوارگۆشەی کا٢ | | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گشتی | ڕەزامەندبوان | نا ڕەزامەندان | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ١ | کارامەیی یەکەم | ٥، ١٤، ٣٤ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | %١٠٠ | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٢ | کارامەیی دووەم | ٣، ٤، ١٠ | ٢٠ | ١٩ | ١ | %٩٥ | ١٧.٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٣ | کارامەیی سێیەم | ٧، ٨، ٩ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | %١٠٠ | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٤ | کارامەیی چوارەم | ١٦، ١٧، ٢٢ | ٢٠ | ١٩ | ١ | %٩٥ | ١٧.٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٥ | کارامەیی پێنجەم | ١١، ١٨، ٣٥ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | %١٠٠ | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٦ | کارامەیی شەشەم | ١٣، ١٥، ٢٩ | ٢٠ | ١٩ | ١ | %٩٥ | ١٧.٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٧ | کارامەیی حەوتەم | ٦، ١٢، ٢٦ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | %١٠٠ | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٨ | کارامەیی هەشتەم | ٢، ٢٣، ٣١ | ٢٠ | ١٨ | ٢ | %٩٠ | ١٧.٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ٩ | کارامەیی نۆیەم | ٢٠، ٢٤، ٢٨ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | %١٠٠ | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١٠ | کارامەیی دەیەم | ١٩، ٢٥، ١ | ٢٠ | ١٨ | ٢ | %٩٠ | ١٤.٤٤ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١١ | کارامەیی یانزەیەم | ٢٧، ٣٠ | ٢٠ | ١٩ | ١ | %٩٥ | ١٧،٦ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |
| ١٢ | کارامەیی دوانزەیەم | ٢٢، ٢٩، ٣٢ | ٢٠ | ٢٠ | ٠ | %١٠٠ | ٢٠ | ٣.٨٤ | بەڵگەدارە |

**بەشی چوارەم**

**ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەیان**

**یەکەم- خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

**أ. خستنەڕووی ئەنجامە پەیوەستەکان بە گریمانەی سفریی یەکەم لە هەردوو گریمانەی توێژینەوەکە کە ئەم دەقەی لەخۆگرتبوو:**

نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە (ستراتیژییەتی نموونەیی) وانەکەیان خوێند و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی ڕێگەی ئاسایی وانەکەیان خوێند، لە بە دەستهێنانی چەمکی ڕێزمانییەکان.

بۆ دڵنیابوون لەم گریمانەیە تاقیکردنەوەی تائی (t–test) بۆ بەراوردکردنی نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکانی بەشێوەیەکی کۆتایی بەکارهێنا، ئەنجامەکانیش بەم جۆرە بوو کە خشتەی (٢٣) ڕوونی دەکاتەوە:

**خشتەی (٢٣ )ناوەندی ژمێری، لادانی پێوەری، هەردوو بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازاد، بەڵگەداری ئاماری نمرەکانی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی چەمکەکان**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | هەردوو بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٠٠،٤٤ | ٧١،٦ | ٩٥٥،٥ | ٠١،٢ | ٤٦ | بەڵگەداری ئامارییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٢٣ | ٣٤،٣٣ | ٥٦،٥ | | | | |

لە خشتەی (٢٣) ئەوە دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێری دەستهاتی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە پێی ستراتیژییەتی نموونەیی لە دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان وانەکەیان خوێند گەیشتە (٠٠،٤٤) لە کاتێکدا ناوەندە ژمێری دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی ڕێگەی ئاسایی وانەکەیان خوێند گەیشتە (٣٤،٣٣)، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازیی نێوان ناوەندی ژمێریی هەردووکیان، ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو.

بەهای تائیی هەژمارکراویش گەیشتە (٩٥٥،٥) لە نمرەی ئازادی (٤٦) ئەمەش لە بەهای تائیی خشتەیی گەورەترە کە (٠١،٢)یە. بە سەرنجدان لە خشتەی (٢٣) ئەنجامەکان ئاماژە بۆ سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی دەکەن بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، لەسەر بنەمای ئەوەی پێشتر خرایەڕوو، گریمانەی سفری ڕەتکرایەوە و گریمانەی جێگرەوە کە ئەم

دەقە لەخۆدەگرێت (بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە پێی ستراتیژییەتی نموونەیی کردن وانەیان خوێند و ناوەندە نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی ڕێگەی ئاسایی چەمکە ڕێزمانییەکانیان خوێند)، پاشکۆی (١٢) نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی روون دەکاتەوە.

**دەرخستنی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پشتبەست (دەستهاتی چەمکەکان):**

توێژەر ($n^2$) ی بۆ هەژماری قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ستراتیژییەتی نموونەیی لە دەستهاتی چەمکە ڕێزمانییەکان بەکارهێنا، بەهاکەشی (٢٢٧،٠) بوو، وەك ئەوەی لە خشتەی (٢٤)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی (٢٤)قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیژییەتی نموونەیی) لە گۆڕاو لەدەستهێنانی چەمکەکان**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | بەهای قەبارەی کاریگەری | ڕێژەی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی نموونەیی | بە دەستهێنانی چەمکەکان | ٢٢٧،٠ | گەورە |

**ب. خستنەڕووی ئەنجامە پەیوەستەکان بە گریمانەی سفریی دووەم لە هەردوو گریمانەکانی توێژینەوەکە کە ئەم دەقە لەخۆدەگرێت:**

نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بەپێی ستراتیژییەتی ( نموونەیی) وانەکەیان خوێند و قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی ڕێگەی ئاسایی وانەکەیان خوێند لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی و بۆ دڵنیابوون لە دروستیی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەریی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی هەژمار کرد، بۆی دەرکەوت کە ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ڕێگەی ستراتیژییەتی (نموونەیی) وانەیان خوێندبوو گەیشتە ( ٠٨،٢٧) و لادانی پێوەریشیان گەیشتە (٢٤،٤)، ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش کە بەپێی ڕێگەی ئاسایی هەمان بابەتیان خوێندبوو گەیشتە (٣٠،٢٣) و لادانی پێوەریشیان گەیشتە (٦٦،٣)، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t – test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ، ئەنجامە ئامارییەکان جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریان دەرخست کە بەهای تائیی هەژمارکراو (٢٨٨،٣) گەورەتر بوو لە (١) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) و نمرەی ئازادی (٤٦). بەهای خشتەیی گەیشتە (٢.٠١) و خشتەی (٢٨) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (٢٦)ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری، هەردوو بەهای تائی (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازاد، بەڵگەداری ئاماریی نمرەکانی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی کۆتایی**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | هەردوو بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٠٨،٢٧ | ٢٤،٤ | ٢٨٨،٣ | ٠١،٢ | ٤٦ | بەڵگەداری ئامارییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٢٣ | ٣٠،٢٣ | ٦٦،٣ | | | | |

ئەم خشتەیەی سەرەوە جەخت لەسەر بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) دەکاتەوە لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی.

ئەم ئەنجامەش بەڵگەی سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونییە کە بە پێی ستراتیژییەتی (نموونەیی) وانەیان خوێند بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی ڕێگەی ئاسایی وانەیان خوێند لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی، بەمەش گریمانەی سفریی دووەم ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، کە ئەم دەقە لەخۆدەگرێت: (بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی نموونەیی خوێند و نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی)دا.

دوای ئەوەی توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی لە پێشەکی و کۆتایی ئەزموونەکەدا بە قوتابییان ئەنجامدا لە ئەنجامی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە وانەی ڕێزمانی کوردییان بەڕێگای ستراتیژییەتی نموونەیی خوێند، تاقیکردنەوەی کۆتایی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی ئاستی قوتابییان بەرزتربوو بە بەراورد بە تاقیکردنەوەی پێشەکی سەرەتایی دەستپێکردنی ئەزموونەکە وەك لە خشتەی( ٢٧) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی(٢٧)ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و کۆتایی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی**

| کۆمەڵەی ئەزموونی | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | هەردوو بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| پێشەکی | ٢٥ | ٩٦،٢٢ | ٠١،٤ | ٦٥٩،٣ | ٩٩،١ | ٢٤ | بەڵگەداری ئامارییە |
| کۆتایی | | ٠٨،٢٧ | ٢٤،٤ | | | | |

**قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پشت بەست (بیرکردنەوەی نزیکراوەیی):**

تویژەر ($n^2$) بۆ هەژماری قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ستراتیژییەتی نموونەیی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی نزیکراوەیی بەکارهێنا، بڕی قەبارەی کاریگەرییەکە گەیشتە ( ١٨٦،٠) لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونی، خشتەی (٢٨) ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

**خشتەی (٢٨)قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر بیرکردنەوەی نزیکراوەیی**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | بەهای قەبارەی کاریگەری | بڕی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی نموونەیی | بیرکردنەوەی نزیکراوەیی | ١٨٦،٠ | گەورە |

**سەرچاوەکان**


بۆکانی. سابیر .(٢٠٢٠). *میتۆد و توێژینەوەی زانستی*.( چ.٢) چاپخانەی چوارچرا.

شوانی، ڕەفیق.(٢٠٠١). *چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی*. چاپخانەی موکریانی

عەزەدین، شناز کاوە.(٢٠٢٤). کاریگەرییستراتیژیی فێربوونی پێچەوانە لەسەر دەستکەوتی قوتابییانیپۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ڕێزمانی کوردیدا و پەرەپێدان چێژوەرگرتنیان لە وانەدا.*گۆڤاری الأستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ٦٣(١) پاشکۆی (٢)، ٣١٤-٣٣٥*

قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین.(٢٠١٦). *پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی*. چاپخانەی چوارچرا.

موولی،ئەحمەدعەبدولکەریم،وعوبێد.(٢٠٢٣).کاریگەری ستراتیژیەتی پرسیار گۆڕینەوەی ئاڕاستەکراو لەسەر دەستهێنانی چەمکە ڕێزمانییەکانی بابەتی خویندنەوە و ئەدەبی کوردی لەلای فیرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و ئاراستەیان بەرەو *بابەتەکە.گۆڤاری(الاستاذ) بۆ زانستە مرۆڤایتی و کۆمەڵایەتییەکان،٦١(٤)، ٢٢٨٧.٢٣١٨*.

مەحەمەد، هێرۆ ئەکرەم.(٢٠٢٤). کاریگەریی ستراتیجییەتی کلۆمبۆ لەسەر تێگەیشتنی خوێندنەوە و نزیککردنەوەی بیرکردنەوەیان لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا. *گوڤاری الأستاذ بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ٦٢* (٢)، ٢١٥٩-٢١٨١.

إبراهيم، فراس. (٢٠٠٥). *طرق التدريس ووسائله وتقنياته وسائل التعلم والتعليم*. دار أسامة للنشر والتوزيع.

أبو حطب، فؤاد وآمال صالح .(٢٠١٣). *علم النفس التربوي* . مكتبة الانجلو المصرية .

الاسدي، سعيد جاسم وسندس عزيز فارس. (٢٠١٥). *الاساليب الاحصائية في البحوث للعلوم التربوية والنفسية والاجتماعية والادارية والعملية*. دار صفاء للنشر والتوزيع.

التميمي، عواد جاسم .(٢٠١٥). *طرائق التدريس العامة*. دار الحوراء للطباعة والنشر.

الجبوري، حسين محمد جواد. (٢٠١٨). *منهجية البحث العلمي مدخل لبناء المهارات البحثية* .(ط٣). دار صفاء للنشر والتوزيع.

الجبوري، عمران جاسم، وحمزة هاشم السلطاني.(٢٠١٣). *المناهج وطرائق تدريس اللغة العربية*. دار الرضوان للنشر والتوزيع.

جروان، فتحي عبد الرحمن .(2005).*تعليم التفكير مفاهيم وتطبيقات*.(ط2).دار الفكر ناشرون وموزعون.

الخفاجي، هدى كريم حسين. (٢٠١١). *فاعلية استراتيجيتي الادراك فوق المعرفية ( النمذجة و التدريس التبادلي) في التحصيل الأداء العلمي المادة البصريات الهندسية العلمي و دافيعيتهم لتعلم المادة*. [أطروحة دكتوراه غير منشورة]. جامعة بغداد.

الخياط، ماجد محمد. (٢٠١٢م) *أساسيات القياس والتقويم في التربية*(ط.٢). دار الراية للنشر والتوزيع.

الريماوي، عمر طالب.(٢٠١٧). *بناء وتصميم الاختبارات و المقاييس والنفسية و التربية*. دارامجد.

الزاملي، علي عبد جاسم واخرون. (٢٠٠٩). *مفاهيم وتطبيقات في التقويم والقياس التربوي*. مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع.

رزوقي، واستبرق مجيد علي لطيف. (٢٠١٩). *سلسلة التفكير وانماطة١* . دار الكتب العلمية.

شهاب، تبارك محمد. أثر أنموذج جويس وويل في اكتساب المفاهيم النحوية عند طالبات الصف الثاني المتوسط رسالة ماجستير غير منشورة

الشرع، عدوية عبدالجبار وآخرون. (٢٠١٦). *التفكير ومنهاج البحث التربوي، الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات*، مكتب القاهرة .

*والتطبيق* (ط.٥) دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة.

العباجي، ندى فتاح زيدان. (٢٠٠٢). *اثر برنامج الكورت التعليمي في التنمية بعض المهارات( الادراك – التفكير الناقد _ التفكير التقاربي لدى طلاب ثانوية المتميزين في محافظة نينوى*. [أطروحة دكتوراه غير منشورة] كلية التربية جامعة موصل.

عباس، محمد خليل، والاخرون. (٢٠١١). *مدخل الى مناهج والبحث في التربية وعلم النفس*. دار المسيرة للنشر والتوزيع.

عبد الهادي، نبيل. (٢٠٠٢). *مدخل إلى القياس والتقويم التربوي واستخدامه في مجال التدريس الصفي*. (ط.٢). دار وائل للنشر والتوزيع.

العدوان، زيد سلمان، ومحمد فؤاد الحوامدة. (٢٠١١). *تصميم التدريس بين النظرية والتطبيق*(ط.٢) دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

عطية، محسن علي. (2009). *الجودة الشاملة والجديد في التدريس*. دار صفاء للنشر والتوزيع.

عبد، عادل عيدان. (٢٠٢١). *بناء برنامج تعليمى قائم على انموذج اوزبون- بارنس/ للحل الإبداعي للمشكلات و فعاليته في أداء العلمي والنظري والتفكير التقاربي والتباعدي لدى طلبة قسم الفيزياء*. [أطروحة دكتورا غير منشورة] . كلية التربية علوم الصرفة/ ابن هيثم.

علي، محمد السيد. (٢٠١١). *موسوعة المصطلحات التربوية*. دار المسيرة للنشر والتوزيع.

غفوري، فرقد محمد. (٢٠١٤). اثر الاستراتيجية النمذجة في تحصيل مادة مبادئ الاحياء والذكاء الاجتماعي عند طلاب صف الأول متوسط. [رسالة غير منشورة]كلية التربية علوم الصرفة. جامعة بغداد.

فالح، ضياء حنون. (٢٠١٧). *اثر انموذج بارمان في التحصيل مادة كيمياء والتفكير التقاربي عند طلاب الصف الخامس العلمي*. [رسالة ماجستير غير منشورة]. كلية التربية للعلوم الصرفة. ابن هيثم جامعة بغداد

منسي، محمد عبد الحليم. (٢٠٠٠). *مناهج البحث العلمي في المجالات التربوية والنقسية* . دار المعرفة الجامعية .

Bandura، A. &Richard H . Walters(1963). *Social Learning and Personality Development*، Holt Richards' & Winston، inc

Guilford، J.P.(1967). *The Nature of Human Intelligence*. McGraw-Hill. USA.

Wilen William W. and Phillips John Arul ( 1995):T*eaching Critical Thinking: A Metacognitive Approach*، SocialEducation 59(3)، National Council for the Social Studies.